کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
1-5-2007 20:05بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لە هەولێر لافیتەو دروشمەکانی سەندیکای کرێکارانی سلێمانی لێدەکرێتەوە

ڕۆژی 2007/4/29 لە شاری هەولێر یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران و پیشەوەرانی کوردستان کە دەستە باڵاکەیان لە سلێمانیە، بەبۆنەی ڕۆژی یەکی ئایار جەژنی جیهانی کرێکاران چەندین لافیتەو دروشمیان بە نێو شاری هەولێر هەڵواسی کە بریتی بوو لە داخوازییە ڕەواکانی چینی کرێکاران، بەڵام دوای تاریك بوونی شار لەلایەن دەستێکی نادیار هەموو لافیتەو دروشمەکان لێدەکرێنەوە.
لە پەیوەندیەکماندا بە بەڕێز (عمر ئیسماعیل) سەرۆکی سەندیکای گواستنەوە/لقی هەولێر ووتی: من و چەند کادیرێکی سەندیکای کرێکاران لە کاتژمێر (4) ی ئێوارەی ڕۆژی 2007/4/29 بە بۆنەی یەکی ئایار لە چەند شوێنێکی دیاری شاری هەولێر هەڵساین بە هەڵواسینی لافیتەو دروشمەکانی کرێکاران، بەڵام بەداخەوە کە ئەمڕۆ بەیانی سەیرمان کرد بەشێکی زۆری لافیتەو دروشمەکان لێکرابوونەوە، کە لە شوێنە دیارەکانی شاری هەولێر وەك (پردی شۆرش، چوار ڕیانی کوران، 60 مەتری، بەرزە پردی شەهید ئەکرەم مەنتك، یاریگای فەرەنسۆ هەریری... هتد) هەڵواسرابوون.
جێی ئاماژە پێکردنە ئەم دیاردەیە لە ساڵیادی کۆمەڵەی خوێندکارانیش لە شاری هەولێر ڕوویدا بوو، کەچی تا ئێستا هیچ یەکێك لە پۆلیس و ئاسایش بە دواداچوونیان لەم مەسەلەیە نەکردووە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.